# زۆر بە کورتی....

یەکێک لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەرییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەوەیە، کە خودی کۆمەڵگە دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوانەیە، و لە ئەنجامی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەوە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرانیشی بۆ هەڵدەبژێردرێت. ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی حکومەتدا کار دەکەن و کەسیان دەست لە کاری ئەویتریان وەرنادات ، بە پێچەوانەوە ، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان خزمەت بە ئامانجەکانی خەڵک دەکەن و بەرگری لە مافەکانیان دەکەن و ڕەخنەیش لە دەسەڵات دەگرن و لە ڕێگەی کامپاین و خۆپیشاندان و ناردنی یادداشتەوە پرۆتێستی کاری پارت دەسەڵاتدار و حکومەتیش دەکەن. هەربۆیە لەو وڵاتانەدا هەموو کاتێک نوێکاری هەیە و کۆمەڵگە لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە. لە کوردستاندا حیزب و دەسەڵاتی سیاسی مۆنۆپۆلی دەزگا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان کردووە و بە بێ تەزکییەی حیزبی دەسەڵاتدار کەس بۆی نییە نە ڕێکخراوە دامەزرێنێت و نە هیچ کۆبونەوەیەکی جەماوەریی ساز بکات. بەرپرسی حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەر خۆیان ئاغا و کوێخا و موهەندیس و خاوەن پڕۆژە جەماوەریی و دەوڵەتییەکانن. بەم شێوەیە جەماوەری کوردستانیان تووشی ئیفلیجی کردووە. هەندێک لەو ڕێکخراوانەی کوردستان ئەدای بەرپرسەکانیان نەک تەنها گوزارشت لە ناوەکانیان ناکات بەڵکو بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکەی کار دەکات. نموونەیەکی زیندووی ئەو ڕێکخراوانە یان ئەو دامەزراوانە مەکتەبی ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنییە، کە بەرپرسەکەی بەڕێز مەلا بەختیارە. ئەم دامەزراوەیە بە پێی ناوەکەی دەبێت کار بۆ ئەوە بکات کۆمەڵگە لە داب و نەریتە کۆنەکان ڕزگار بکات و بە سیستمی هاوچەرخ و دنیای مەدەنییەت ئاشنای بکات، بەمەیش لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت کۆمەڵگە لە سیستمی عەشیرەتی دەرباز بکات چونکە خێڵ و عەشیرەت، یەکە پارێزەری سیستمی فیئودالین، کە تیایاندا دواکەوتووترین دەستووری نەنووسراو بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێت. بەداخەوە بەرپرسی ئەم دامەزراوەیە لە گەرمەی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی عەشیرەتەکانی عەرەبی کۆکردبووەوە و داوای پشتیوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لێئەکردن. گومانم لەوەدا نییە کە لە گفتوگۆکانیدا پشتیوانی پارت و حکومەتی بۆ عەشیرەتەکانیش هەزارپات کردووەتەوە. ئاشکرایە کە هەموو لیستێک مافی خۆیەتی تاکتیکی جۆراو جۆر بەکاربهێنێت بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵام بۆچی ئەبێت ڕێکخراوەیەک پرەنسیپی خۆی بدۆڕێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیکە (هەرچەندە چارەنووسسازیش بێت)؟ ئایا نەدەبوو ئەو پڕۆپاگەندەیەی لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری، یان هەر کۆمەڵە خەڵکێکی تردا بکردایە؟ بەرپرسێک کە چەندین کتێب و بابەتی لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی نوێخوازی هەیە، بۆچی دەبێت دروشمی زیندووکردنەوەی سیستمی عەشایەری هەڵگرێت و کۆمەڵگە بەرەو سەدە تاریکەکان بگەڕێنێتەوە و ناوێکی زل و زەبەلاحیش بۆ خۆی داگیر بکات؟ ئەگەر ناتوانن ئەو ئەرکە بە جێ بێنن ڕێگە بۆ خەڵک چۆڵکەن با ڕێکخراوەی خۆیان دامەزرێنن و بەڕێزتانیش ئەرکە سیاسیەکانتان لە ئەستۆ بگرن، ئەو کاتە ئێوەش ئازادن لە کوێدا پڕۆپاگەندەی خۆتان ئەکەن.



ڕووناک شوانی
runakshwani@yahoo.com

# هەرجارەی دیدێک

**ئەم هەڤپەیڤینە لەلایەن پایزە ئەحمەدەوە بۆ ماڵپەڕی ئەمڕۆ سازدراوە، ئێمەش بەپێویستمان زانی بۆ خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بیگوازینەوە، بەو هیوایەین کە سودی لێوەربگرن .**



**پایزە: دەستتان خۆش بۆ ئەو کۆڕە شیعرییەی کە پێشکەشتان کرد و توانیتان بۆ چەند ساتێک ئامادەبووان بەرە و جیهانی هونەری شیعر ببەن. ئەگەر دەرفەتتان هەبێ حەز دەکەین ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکتان بکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ماڵپەڕی ئەمڕۆ بە بۆچوونەکانتان ئاشنا بکەین.**

**گەشبیر ئەحمەد:** زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێزتان و بەخێرهاتنتان دەکەم، بە باشی دەزانم لە سەرەتاوە سوپاسی خۆم ئاراستەی بنکەی هونەر و کەلتوری کوردستان بکەم لە شاری مانچستەری بەریتانتا کە ئەم کۆڕەیان بۆ ئامادە کردم.

**پایزە: پێمان خۆشە کورتەیەک لە ئەزموونی نووسینی شیعریی خۆتمان بۆ باس بکەی، هەروەها ئایە پێتوایە هیچ شێوازێکی تایبەت بەخۆت هەیە لە نووسینی شیعر، ئەگەر هەیە بە چ جۆرێک هەستت پێی کردووە ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** شیعر بە ویستی خۆم نەبوو، هەر لە سروشتەوە لە مندا هەبوو وەک ئەندامێک لە لەشم، لەگەڵ ئەوەشدا من چونکە کوڕە هەژارێک بووم ئەوانەی کە لە دەوروبەرم بەردەوام بوون هەموو بۆنی باروتیان لێوەدەهات، منیش هەمیشە فرمێسک میوانم بوو، بەڵام کە عاشق بووم، شیعر فێری ئەوەی کردەم کە چۆن دڵنەوایی خۆم بدەمەوە، ئیدی دڵداریی نەیهێڵا لە ئاستی هیچ تاوانێکدا بێدەنگ بم و لە کەناری یۆتۆبیادا بەدیار کەوتم، من هەوڵمداوە بەهەموو قۆناغەکانی شیعرا تێپەڕم و پریشکی مەرەکەبەکەم بەر هەموو بەشەکانی ئەدەب بکەوێ، هەر لە شیعری ئازاد و هەتا پەخشانە شیعر و چوارینە و پێنج خشتەکیی و کلاسیک و تێکستی گۆرانی...

**پایزە: ئەگەر زانیاریی یان ئاشنایەتییەکتان هەبێ بە شیعری ئینگلیزی و ئەوروپی چۆن بەراوردی دەکەن لەگەڵ شیعری کوردی، هەروا چ جیاوازییەک لە نێوان شیعری لای خۆمان واتا شیعری ڕۆژهەڵاتیی و شیعری ڕۆژئاوایی دەبینن؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئاشناییت لەگەڵ زمانی بیانی دەتوانێ هەگبەیەکی بەردەوامت بۆ بڕەخسێنێ، من زۆر لە شاعیرە ئەوروپییەکان هاوڕێمن، و هەندێ جاریش بەشداریم کردووە لەگەڵیاندا، بەڵام وەکو پێویست نەمتوانیووە سوود لە ئەزموونی بیانیی وەربگرم، پێم وایە هێشتا کات لەبەردەمە بۆ گەشتن بەو کەنارە، بێگومان شیعر بە زمانی خۆت خۆشترە بۆ نموونە کە شیعرێک وەردەگێڕیتە سەر زمانێکی بیانیی مانا و جوانییەکانی لەدەست دەدا. وەلێ دەتوانم بڵێم ئەدەبی کوردی گەلێک زەنگینە، بەڵام ئەدەبی ئینگلیزیش ناودارە لە جیهاندا بۆ نموونە شکسپیر کە بە پاشای ئەدەب ئەناسرێت لە ئینگلیزا، لە سیستەمی خوێندندا هەموو وولاتان سودی لێوەردەگرن هەتا لەلای خۆشمان دەخوێنرێت نووسینەکانی لە کورتە چیرۆک و شانۆگەریی و شیعرە هەموو بەشەکانی تری نووسین.

**پایزە: پێت وایە کورد شعری تاراوگەیی هەبێ یان هەر شعری تاراوگەیی خۆی بوونی هەبێ ئایا شعر لەوە گەورەترە و بێ سنوورتر نییە کە ناوی شیعری تاراوگەیی یان شیعری نێو نیشتمان و زاراوەتری بۆ دابتاشین؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** لە هەر شوێنێ ڕەنگی مرۆڤایەتی کاڵ بۆوە ، لەو شوێنە هەست بە نامۆیی دەکەم، بەداخەوە لە کوردستانی ئێمە مرۆڤ وەک پێویست نرخی نییە لە تاو سوڵتان، کە نامەکانی نالی و سالم دەخوێنیتەوە تەزوو بە لەشتدا دێت ئەگەر سەفەرەکی نالی نەبووایە بۆ تاراوگە ئەو نامانە دروست نەدەبوون. لێرەدە دەمەوێت بڵێم هەتا دەست بە ساجی غەریبییدا نەچزێت ناتوانی بەقەد دڵۆپێک ئاو لە دەریا گوزارشت لە تاراوگە بکەی. شیعر لە هەر شوێنێ بێ شیعرە، بەڵام شاعیر کە تووشی غەریبی دەبێ، خەمەکانی زاڵ دەبێ ئەوەش وادەکا هەمیشە هەگبەی شیعر بەتاڵ نەبێ.

**پایزە: وەک بینیمان شیعرەکانی بەڕێزتان شیعری نوێن واتا سەربەست ئایا دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان شێوازی نووسینی شعری کلاسیکیی بگەڕێتەوە چونکە ئێستا هەندێک خەڵک هەن دەڵێن لەوەتەی شعر بە شێوازی سەربەست دەنووسرێ تاموچێژی خۆی لە دەست داوە وەک شیعر؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** جیهانگیریی و تەکنەلۆژیا زۆر لە بەها و ڕەسەنایەتی مرۆڤیان کاڵ کردەوە، لەگەڵ گەشەسەندنی جیهاندا زمانی شیعریش گەشەی کردووە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا کە ئەو شیعرانەی تێدایە لە ساڵی ١٩٦٥ی تێیدایە تا ١٩٧٥ هەمووی کلاسیکن بەڵام ئێستا ئەو پەخشانە شیعر دەنووسێت چامە دەنوسێت، بەگشتی شیعر بە هەموو جۆرەکانیەوە جوانە بەڵام هەر کەسەو لە جۆرێک چێژ وەردەگرێ، من بۆ خۆم هەوڵم داوە بە هەموو جۆرەکانیەوە گوزارشت لە واتاکانی ژیان بکەم، چونکە لای من ئەو هەناسە و ئاهانەی کە ڕۆژانە درێژ دەبێتەوە من هەوڵم داوە بە شیعر گوزارشتی لێوەبکەم.

**پایزە: پرسیارێکی تا رادەیەک گران.. ئەگەر کاتتان هەبێ و حەز بکەن وەڵامی بدەنەوە: ئەم ووشانە لای تۆ چی دەگەیەنن.. هەروا لای خەڵک بە گشتیی چی دەگەیەنن؟**

**- دایک و باوک - لای تۆ - ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئەو دوو فریشتەیەن کە لەسەر زەوین.

**پایزە: دایک و باوک - لای خەڵکی- ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئەو دوو باڵندەیەن کە خەمی هەموو بوونەوەرەکانی سەر زەوی دەخۆن، هەر خۆشیان دروستکەری بوونەوەرن.

**پایزە: تاراوگە - لای تۆ - ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئەو خەمە نەگریسەیە کە بێ تاوان لەخاچی داوم.

**پایزە: تاراوگە - لای خەڵکی- ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئەو شوێنەیە کە نرخی مرۆڤەکان پەسەند دەکا و خەڵکی ئاواتی پێدەخوازن.

**پایزە: خۆشەویستیی - لای تۆ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** ئەو هەناسانەیە کە پێی دەژیم.

**پایزە: خۆشەویستیی- لای خەڵکی- ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** مرۆڤ چەندێ پێویستی بە هەناسە هەیە ئەوەندەش پێویستی بە خۆشەویستیی هەیە، ژیان بە ئەشقەوە جوانە، ئەگەر چی بۆ هەندێ کەس خۆشەویستیی بۆتە درۆیەکی جوان، بۆ نموونە "ئەحلام مەنسور" دەڵێ: (خۆشەویستیی ڕێگای درۆ حەڵاڵ دەکا).

**پایزە: هاوڕێیەتیی - لای تۆ - ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** هاوڕێیەتیی ژیانە، وازهێنان لە هاوڕێتەیی وازهێنانە لە ژیان.

**پایزە: هاوڕێیەتیی - لای خەڵکی- ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** زۆربەی کات لە پێناوی بەرژەوەندیی بەکار دێ.

- یەکسانیی - لای تۆ - ؟

**گەشبیر ئەحمەد:** جوانترین هاوکێشەیە بۆ مرۆڤایەتیی.

**پایزە: یەکسانیی - لای خەڵکی- ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** یەکسانیی یاسایەکە کە بەهای مرۆڤەکان دروست دەکا بۆ نموونە تۆلستۆ دەڵێ: (لەو شوێنەی یاسا نەبوو مرۆڤایەتییش نابێ).

**پایزە: لەکۆتاییدا ؟**

**گەشبیر ئەحمەد:** لە کۆتاییدا ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ماندووبونی بەڕێزتان هەیە و هیوای بەردەوامییشتان بۆ دەخوازم، ماڵپەڕی ئەمڕۆ یەکێکە لەو ماڵپەڕانەی کە ڕۆژانە سەردانی ئەکەم.

# ڕاڤەی وشەی " میر "

وشەی میر یەکێک لەو وشانەیە ، کە لە زمانی کوردی دا زۆر واتە ( مانا) ی هەیە ، کە بە کورتی لێرە دا لزگەی هێندێک لە واتەکان پێشکەش دەکەم :

- لە زمانی کوردی دا بە پادشایان وتوە "میر" ، کە ئەم وشەیە لەتەک وشەی ئەمیر دا تۆفیری هەیە . بۆ وێنە " میرە گەورەی ڕەواندوز " ، کە نەیاران پێیان وتوە " پادشا کوێرەی ڕەواندوز ، واتە وشەی گەورەیان کردوە بە کوێرە ( کۆێرە ) . میرە گەورەی ڕەواندوز ، یەکێک لە دەستەڵات دارانی مەزنی کورد بوە ، کە کۆشکەکەی هێشتا لە کن شاری ڕەواندوز بە چەشنی ئارەفتە هەر ماوە . میر ، دەستەڵاتداری بە هێزی بەشێکی بەرچاو لە کوردستانی گەورە بوە .بۆ وێنە لەو کاتە دا پیشەسازێکی هێناوە ، تۆپی بۆ دروست کردوە ، بە ناوی وەستا ڕەجەب . تۆپی وەستا ڕەجەب لە مێژودا بە ناوبانگە .

- لە زۆر ناوچەی کوردستان ڕێوڕەسمێک هەیە ، بە ناوی " میری نەوڕۆزی " ، بە تایبەت ئەمە زۆر لە موکریان باو بوە . ئەم ڕێوڕەسمە ، دوروشمێکی جوانی دێمۆکڕاسی بوە و لە سەر دەمی نەورۆز دا ، " میر" یان، بە چەشنی کاتی لەسەر کار لابردوە و بۆ ماوەیەک کەسێکیان کردوە بە " میر " . ئەم ئاکارە کرەوەیەکی شیاو بوە و لە زۆر ڕوانگەوە زۆر قازانجی ڕامیاری ، کۆمەڵایەتی و شتی وای بوە . ماموەستا عوبەیدوڵلا یەییوبیان کتێبێکی سەبارەت بەم ڕێورەسمە نووسیوە ، تکایە ئەگەر دەرفەت بو، بیخوێننەوە .

- بە گەورە و ڕێبەری هاو وڵاتیە خۆشەویستە ئێزەدیەکانمان ، کە خاوەنی ئایینێکی ڕەسەن و کۆننی کوردین ، دەڵێن "میر" . بۆ وێنە ڕێزدار ، سەروەر "میر تەحسین " .

" میر" ناویشە بۆ کوڕ ، کە زۆر تر بە چەشنی " میرە " دەریان بریوە . وەک " میرە" بەگ ، سۆفی " میرە " و هتد .

- میر سێوەددین موکری ، پادشای موکریان بوە و بە پێی پەڕتووکی شەرەفنامە ناوی موکریان لە ناوی ئەوەوە ڕەگاژۆی کردوە . میر سێوەددین زۆر ڕامیارێکی هەڵکەوتو و ناودار بوە ، هەر ئەو شتەی کە بۆ میر، سەرردارانی و ڕێبەرانی کورد زۆر پێویستە ، بەڵام لەبەر داب و خوی ڕاستی و دروستی کوردایەتی تێی دا کورتیان هێناوە تەنانەت لە بەستێنی ڕامیاریس دا ، بەڵێن خواز بوون . بە ناوبانگترین ئەسپی کورد ، چارەوێیەک بوە بە ناوی " بۆرەی میر سێوەددین " ، کە ئەسپی ئەو بوە .

- "میر و بەگلەر " ، واتە مرۆڤگەلی مەزن و دەستەڵات دار .

- زوربەی بنەماڵە دەستەڵات دار( سیسیلە) کانی کورد، پێشگر(پێشکۆ)ی وشەی " میر " ڕێزناویان وابوە ، وەک : میرانی بۆتان ، میرانی موکریان ، میرانی ئەردەڵان ، میرانی بابان ، میرانی بۆتان ، میرانی سۆران میرانی بادینان و هتد .

- " میرم ! " ، لە زمانی کوردی دا واتە " گەورەم " .

- " میری " واتە دەستەڵات " دەوڵەت و حکومەت ) .

تێبینی : ڕەنگە ئەم پرسیارەش بێتە گۆڕێ " کە ئایا میر نشێنە کوردەکان تەواو سەر بەخۆ بوون ، یا ئەوانیش بە چەشنێک لە ژێر سێبەری دەستەڵاتی نێوەندی بەغدا یا ئەستەمبووڵ دا، وەک ناوچەیەکی موسوڵمان فەرمانڕەواییان کردوە ؟"

بە پێی زاکوون (قانوون) و دابی ئەو کاتە ، نە تەنیا میر نشینە کوردیەکان ، بەڵکە تەواوی ئەو وڵاتانەی لە کەوشەنی دەستەڵاتی خەلیفەی ئیسلامی بەغدا یا ئەستەمبوول دا ژیاون ، پاکیان دەستەڵاتیان لە میر نشینە کوردەکان زۆرتر نەبوە ، بۆ وێنە وڵاتی ئێرانی پێش هێرشی هولاکۆ ، شام ، میسر ، شاخی ئافریقا ، یەمەن ، عارەبستان ، وڵاتگەلی باڵکان و تەواوی ئەوانەی بە ناو لە ژێر سێبەری دەستەڵاتی بەشێک لە خەلیفەگەری ئیسلام دا بوون ، کە ئەم سیستمە چەفت وچەوێلی ، لە "بیگ بانگ"ی ڕامیاری جەنگی جیهانی هەوەڵ دا بە جارێک لە هەمو وڵاتێک ، تێک ڕما بەڵام لە کوردستانی گەورە ، بە لەونێکی دیکە خراپتر بو.



ح.س.سۆران

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز: 07501191497

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر: 07504471631

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی رزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی رزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن 07501179846

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن 07701325080

ئۆفیسی رانیە
شەقامی نالی،
تەنیشت گەراجی عەباس
کتێبخانەی رۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن 07501163805

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-10-04 20:22:00 |
| Change Number: | 468 |
| Last Saved On: | 2009-02-12 13:46:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 685 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:24:00 |

As of Last Complete Printing

Number of Pages: 1

Number of Words: 85 (approx.)

Number of Characters: 456 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com